# چەند پرسیارو وەڵامێك
# دەربارەی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی
# یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر محمد ﷺ

وەڵامدانەوەی

بەڕێز مامۆستا عبداللطیف أحمد مصطفی

---

لە بڵاوکراوەکانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ﴿١٤٨﴾ لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت

**بسم الله الرحمن الرحيم**

## پێشەكی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ باللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ . وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَه، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ [سورة آل عمران: ١٠٢] .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾ [سورة النساء: ١] .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ [سورة الأحزاب: ٧٠ — ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّم) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

## پرسیاری یەكەم:

**لەناو موسڵماناندا لە لای هەندێ كەسی بووەتە عیبادەت وە لە لای هەندێ كەس بیدعەیە ئەویش مناسەبەی ئاهەنگ گێڕان بۆ یادكردنەوەی لەدایكبوونی پێغەمبەری خوایە ﷺ خەڵكی لافیتە هەڵدەواسێت، خەڵكی شیرینی دابەش دەكات دەڵێن ئێمە پێغەمبەرمان ﷺ خۆش دەوێت وەماوۆستا گیان خەڵكی زۆربەی لەسەر ئەم شتەن وەئەو كەسانەی كەدەڵێن دروستە یادی لە دایكبوونی پێغەمبەر ﷺ بكەین و كە ئەوە تاعەت و گوێڕایەڵی یە كە ئەمە لە خوا نزیكمان دەكاتەوە دەڵێن ئەمە دروستە وە ئەو كەسانەی كەدەڵێن دروست نیە هیچ ئایەتێكیان بەدەستەوە نیە بگرە هەتاوەكو حەدیسێكی ( زەعیفیش )نیە بەدەستیانەوە چی مانع و ڕێگرێك هەیە ئێمە ( ئیحتفال ـ ئاهەنگ )بكەین بەو مەولودەوە كە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:** ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ ﴾ (الحشر: ٧) .

**واتە : ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پێ دان و بۆی هێناون وەری بگرن وە ئەوەی لێتانی قەدەغەكرد وازی لێ بهێنن ).**

## وەڵامی پرسیارەکە:

برای بەڕێزم گومانی تێدا نیەو دیارە لای هەرکەسێك خاوەنی علم بێت ئەمڕۆ ئێمەی موسڵمانان لەسەردەمی غوربەت داین وەکو پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرمووێت: (**دینی ئیسلام بە غەریبی سەری هەڵدا، وە دەگەڕێتەوە باری غەریبی** ).

وای لیدێت تەوحید لای خەڵك غەریب دەبێت، سوننەت لای خەڵك غەریب دەبێت، بەڵام ئەوەی کە شیرکە کە بیدعەیە کە خورافەتە ئەوە لە دیندا بڵاو دەبێتەوە لای خەڵك، بۆیە عبداللە کوڕی مسعود ﷺ دەفەرمووێت: (**ئێوە حاڵتان چۆن دەبێت ئەگەر فیتنەیەك ڕووی تێکردن بچووك لەم فیتنەیەدا دەمێنێتەوە تاوەکو پیر دەبێت**)، واتە: تەمەنێکی زۆر ئەو فیتنەیە دەمێنێتەوە ئەم بچووکە تاوەکو بۆتە گەورە هەر ئەم فیتنەیە لەبەر چاوو بووە، وەگەورەکەش تاوەکو پیریش بووە ئەم فتنەییەی هەر بینیوە ئەم فیتنەیە خەڵك بە سوونەتی دادەنێت بۆ؟ چونکە چەندەها ساڵ دەڵێت من بینیومە ئەم شتە هەبووە کە بووە کەواتە سوننەتە ئەگەر ئەم (منکر)ە ئەم فتنەیە ئەم بدعەیە کەسێك لە ئەهلی علم بیەوێت بیگۆڕێت ئیبن مسعود ﷺ دەڵێت (**خەڵکی دەڵێت ئەوە سوننەتیان گۆڕی دینی تازەیان هێنا**) وتیان ئەی أبو عبدالرحمن ،ئەی عبداللە کوڕی مەسعود ئەم فیتنەیە کەی دێت کەوا سوننەت و بیدعەت لە خەڵکی تێکەڵ دەبێت خەڵکی چاکی بەلاوە خراپ دەبێت و خراپی بەلاوە چاك دەبێت سوننەت لەخەڵك دەبێت بە بیدعە ،بیدعە لە خەڵك دەبێت بە سوننەت کەی ئەمە دێت ؟ (عبداللە کوڕی مەسعود ﷺ) فەرمووی: کاتێك وای لیدێت سوننەت لای خەڵك دەبێت بە غەریب و بیدعە لای خەڵك دەبێت بەسوننەت کە فەقێ و عالمی ڕاستەقینەی دین کەم بوون بەڵام خەتیب زۆرن وتاربێژ زۆرن ئەوانەی کەباسیان هەیە چیرۆك بۆخەڵك باس دەکەن زۆرن هەر مزگەوتێك دەبینین خەتیبێك یان دووانی هەیە، بەڵام شارێك یان وڵاتێك دەگەڕێیت فەقێیەك یان عالمێك بەقورئان و سوننەت لەسەر مەنهەجی صەحابە دەستت ناکەوێت، فەرمووی ئەوە کاتێك دەبێت کە عالم و فەقێ کەم بوون بەڵام خەتیب ووتاربێژ زۆرن وەکو ئەمڕۆ کە دەبینین چەندەها بگرە هەزارەها ووتاربێژ هەیە کە ناشزانێ دەڵێت چی شتێك کە خوای پەروەردگار پێ ی ناخۆش بێت کە شرك بێت یان کوفربێت یان بیدعە بێت بۆ خەڵکی حەڵاڵ دەکات وەچ شتێك سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێت ئەوە بۆ خەڵکی باس دەکات)وەکو لە ئەسەرێکی تردا لە صەحابەیەکی ترەوە دەفەرمووێت (وای لیدێت کە قورئان خوێن زۆر دەبێت وەکەسێك کە قورئان بۆ خەڵك دەخوێنێتەوە دەڵێت چی یە خەڵکی شوێنم ناکەوێت بیدعەیەکیان بۆ دادەنێت بۆ ئەوەی خەڵك شوێنی بکەوێت، وریابن لەو بیدعەیەی کە دای هێنا !) کەواتە ووتار بێژانی ئەمڕۆ هەیانە چونکە علمی ڕاستەقینەی (**سەلەفی صالحی**)نی یە ئەو علمەی نیە کە لە قورئان و سوننەتەوە هاتووە دەیەوێت سەرنجی خەڵك ڕابکێشێت بە چیرۆك و خەون و ئیلهامات و حەدیسی لاوازو بیروڕای لاوازو پوچەڵ دەیەوێت سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت وە شتێك لە ئەصڵدا بیدعەیە لە خەڵکی دەکات بە سوننەت ئەمە ئەمڕۆیە کە ئێمە تێ ی داین بۆیە بەلامانەوە سەیر نەبێت وە غەریب نەبێت کە کەسێك بێت و بە

علمەوە بڵێت ئەو عادەتە كە ئەمڕۆ خەڵكی لەسەرە،وەساڵەهای ساڵە خەڵك لەسەری دەڕوات.ئەوە ئەو فیتنەیەیە كە(عبدالله كوڕی مەسعود (رضي الله عنه) ئیشارەتی بۆ كرد كە لە دیندا نی یە پەیوەندی بە سوننەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) نی یە بەڵام چونكە خەڵكی هەرئاوا هاتوون بینیویانە ئەمڕۆ لە خەڵك بووە بە دین ئەگەر بڵێین دین نی یە دەڵێن دینیان گۆڕی سوننەت دەگۆڕن دینێكی تازەیان هێنا كەواتە بە لامانەوە سەیر نەبێت ئێمە لەسەردەمی غوربەت داین وەكەسێكیش كە علمی ڕاستەقینەی نەبێت سوننەت و بیدعەت لەیەكتر جیا ناكاتەوە بێینە سەر ئەوەی ئایا ڕاستە ئەو كەسانەی كە (ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) قسەكەیان ڕاستە هیچ بەڵگەیەك نی یە لەسەر ئەوەی كە ئیشەكەی ئەوان (مەمنوع) و قەدەغە بێت لە شەرعدا دروست نەبێت ئێمە دەڵێین جارێ ئەوە بەڵگەی نەزانێتی و نەفامێتیانە، كە قسەكەی خۆیانی (ئیدعایەكەیان ـ بانگەوازەكەیان) لەسەر خۆیان (عەكس كەینەوە- پێچەوانەی كەینەوە) بیشكێنینەوە بەسەریاندا، چونكە كەسێك عیبادەت بكات ئەو كەسە داوای لێدەكرێت (**دەلیلێك، بەڵگەیەك** ) بهێنێتەوە لەسەر دروستێتی عیبادەتەكەی، نەك كەسێك بڵێیت ئەو عیبادەتە بۆ دەكەیت بەبێ دەلیل، بۆ؟ چونكە لەدیندا نیە (الاصل في العبادات المنع الا بنص). كەواتە لەدیندا هیچ عیبادەتێك نابێت بكرێت بەبێ بەڵگە هەركەسێك عیبادەتێك بكات بەبێ بەڵگە ئەوا قبوڵ ناكرێت، بەڵگەشمان حەدیسێكی صحیحە كە لە بوخاریو موسلیمدا هاتووە، وەلەڕیوایەتێكی تردا تەنها ئیمامی مسلم ریوایەتی كردوە كەپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ( مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ )[1].

واتە: (هەر كەسێك كردەوەیەك دابهێنێت لەدیندا ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوە ڕەت كراوەیەو خوای گەورە قبوڵی ناكات).

جا ئێمە ڕوو دەكەینە ئەوان بەڵگەی خۆیان وحوجەكەی خۆیان بەسەر خۆیاندا دەشكێنینەوەو دەڵێین ئێوە ئەم بیدعەیە دەكەن كەبەعیبادەتی دەزانن ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەری خوا (ﷺ)بێگومان بەعیبادەتی دەزانن وادەزانن كەبەوە خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیاد دەكات بەوە لەخوای گەورە نزیك دەبنەوە بەوە خوای پەروەردگار ئەجریان بۆ دەنوسێت وەكو چۆن لەهەندێ كتێبیان دەڵێن: (هەر كەسێك درهەمێك لەمەولود سەرف بكات ئەوا لەگەڵ ئەبوبەكرو عمر (رضي الله عنه) حەشر دەكرێت). كەواتە ئەوەندە عیبادەتێكی مەزنە دەڵێین بەڵگەتان چییە لەسەر دروستێتی ئەم عیبادەتە لەكوێتان هێنا ؟ كام بەڵگەیە لە قورئان ؟ كام بەڵگەیە لەسوننەت حەدیسی صەحیحی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ ئەوە عیبادەتە بەم شتە ئێوە لە خوای پەروەردگار نزیك دەبنەوە كەواتە قسەكەی كەكردیان پێچەوانەمان كردەوە ئێمە بەوان دەڵێین بەڵگەتان چی یە لەسەر ئەوەی ئەو شتەی ئێوە دەیكەن دروست بێت لەدیندا؟ بێگومان بەڵگەشیان نی یە . بەڵام ئێمە ئەگەر بەڵگەشمان هەبێت لەسەر نادورستێتی داوای بەڵگە لەكەسێك دەكرێت كە عیبادەتێك جێگیر بكات ئەمە لایەنی دووەمی وەڵامەكەیە.

---

(١) صحيح: رواه مسلم (٣٢٤٣).

www.ba8.org

**پرسیاری دووەم :**

**ئایا قەولی ( ووتەی ) پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) لەگەڵ ( فعلیا ) کردەوەیدا دەبێت بەسوننەت ؟**

**وەلاَم:** بەڵێ بێ گومان، سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بریتیە لە چی؟ بریتیە لە قەول بە ووتە چی فەرموو بێ، یان بە (عەمەل) کردەوە چی کرد بێت یان (صەحابەیەك ـ هاوەڵێك (رضي الله عنه)) چی کردبێت وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادار بووبێ‌و بێدەنگ بووبێ، ئەمانە هەمووی سوننەتە جا پرسیارێك دەکرێت ئەو ئایەتەی خوای پەروەردگار دەفەرموویت:﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾(النور: ٦٣).

واتە: (ئەو کەسانە کە موخالەفەی ئەمری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەن واتە: سوننەتە فعلیەکان واز لێ دێنن یان سوننەتێکی تەرکی دەکەن ئەوا خوای پەروەردگار سزایان دەدات لە دونیاو دوارۆژدا).

**ئایا ئەوان ئەم ئایەتە دەیان گرێتەوە؟ موخالەفەی ئەم ئایەتە نی یە ؟**

**وەلاَم:** (ئەمر ـ فرمان) دوو جۆری هەیە ئەمری یا سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو جۆری هەیە (سوننەتێکی فعلیمان هەیە) وە (سوننەتێکی تەرکیمان هەیە) سوننەتێك کەبە (عەمەل ـ کردەوە) کردویەتی وە سوننەتێك کە وازی لێهێناوە وە هەردووکیان دەبێت ئێمە دەستی پێوە بگرین ئەو سوننەتەی کەفیعلیە دەبێت ئێمە بیکەین سوننەتەکە بکەین ، وەئەوسوننەتەش کە تەرکە دەبێت وازی لێبهێنین چۆن ئەوە هەردووکی دەچێتە ژێر ئایەتەکەوە کە شمولی دەکات ئەو کەسانەی کەموخالەفەی فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)دەکەن واتە سوننەتە فعلیەیەکە وازلێ دێنن یان سوننەتی تەرکی دەکەن ئەوانە بابزانن کە خوای پەروەردگار سزایان دەدات لە دونیاو دوارۆژدا بەلاَم بابزانین سوننەتی فعلی وسوننەتی تەرکی چییە؟ سوننەتی فعلی ئەوەیە کەپێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکی کرد بێت بۆ نموونە دوو رکعات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەدوای نوێژەکان (اذکار) زیکرو یادی پەروەردگاری کردوە، وە سوننەتی داناوە کەپێش فەرزەکان بانگ بدرێت، وە سوننەتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کاتێك بەدەوری کەعبەدا تەواف دەکەین دەست بدەین لەروکنی یەمانی وە لەروکنی بەردە ڕەشەکە وە هەروەها چەند شتێك لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەعلومە – ئاشکرایە لای هەموو کەسێکیش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی جا بە قەول – قسە فەرمویەتی یان بە عەمەل – کردەوە کردبێتی سوننەتە ئەوە سوننەتی فیعلی پێ دەوترێ کەواتە کەسێك کە تەواف بکات دەست لە روکنی یەمانی‌و(حجر الاسود) بدات سوننەتێکی ( فعلی ) کرد، وە کەسێك کە بانگ بدات بۆ نوێژی فەرز سوننەتی(قەولی)کرد کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی بیکەن، وەکەسێك کە زیکری خوا بکات دوای نوێژە فەرزەکان سوننەتێکی(فعلی) پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردووە، ئەی سوننەتی(تەرکی)چیە؟ سوننەتی تەرکی هەیە ئەوەیە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وازی لێ هێناوە بۆ نمونە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی نەدا لە دوو روکنە(شیمالییەکە) کەعبە چوار روکنی هەیە دەستی لەدوو روکنە (یەمانی وحجر الاسود) دەدا بەلاَم

کەدەگەیشتە دوو ڕوکنە (شیمالییەکە) دەستی لیّ نەدەدا کەواتە: دەست لێنەدانی سوننەتە، وەپێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی داوە بۆچی فەرمانی کردووە کەبانگ بدرێت بۆ پێنج نوێژە فەرزەکان ئایە ئێمەش نابێت بلێین والله لەنوێژەکانی تریشدا بانگ بدەین بۆنمونە نوێژی(تەراویح) کەنوێژی (تەراویح)مان کرد بانگ بدەین قەیچێکە بۆ نوێژی چەژنیش بانگ بدەین بۆ نوێژی چەژن با بانگ بدەین بۆ؟ چونکەقیاس وپێوانەی بکەین لەسەر نوێژی جومعە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ نوێژی جومعە بانگی داوە، وەفەرمانی کردووە بەبانگ دان .کەواتە بانگ دان بۆ نوێژی چەژن یان بۆ نوێژی (تراویح) نییە کەواتە بانگ نەدان سوننەتە،ئەوە پێی دەوترێت سوننەتی تەرکی ،بەلاَم چ کاتێك سوننەتی تەرکی یە؟ ئەگەر بێتو داخوازی بۆ کردنی هەبو بێت واتە داخوازی کاری ئەم خێرە بوبێت وەهیچ (ما نعێك - ڕێگرێك ) نەبوبێت لەکردنی هیچ ڕێگرێك نە بووە بەوەش پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەی کردووە کەنەیکردووە دیارە ئەوە سوننەتە نەکردنی سوننەتە ئەگەر بێتو ئێمە بلێین سوننەتی تەرکی نی یە واتە: قەیناکە ئەوەش نەی کردووە (قیاسی - پێوانەی) دەکەینە سەر ئەوەی کە کردویەتی ئەوە دەرگایەکی فراوانمان کردەوە بۆ بیدعە بەئەندازەی نێوان (مشرق - مغریب) هەرچی بیدعە هەیە دێتە ناو دین کەواتە ئێمە دەلێین سوننەت تەنها ئەوە نییە دەست لەڕوکنی (یەمانی وحجرالاسود) بدەین هەردوو ڕوکنەکەی تریش (قیاس - پێوانە) دەکەینە سەر دوو ڕوکنەکەی ئەولاو دەست لەهەموی بدەین سوننەتە، وەسوننەت تەنها ئەوە نیە زیکری دوای نوێژە فەرزەکان بکەین با لەپێش نوێژەکانیش زیکربکەین، وەتەنها بانگ بۆ پێنج نوێژە فەرزەکە نەبێت، بانگ بدەین بۆ نوێژی (تەراویح)و نوێژی چەژنو بۆ هەموو نویژەکانی تریش بابانگ بدەین، کەواتە بیدعە هاتە ناو دینەوە بەشێوەیەکی وەها کەخۆشمان نازانین بەهەمان شێوەش ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەی کردووە کەواتە نەکردنی سوننەتە بەلاَم دوو مەرجمان دانا کە (زانایان دایان داناوە ئەو دوو مەرجەش چیە؟ ئەو شتەی کەنەی کردووە داخوازی کاری کردنی هەبووبێت وە (مانعیش - ڕێگریش ) لە کردنیشی نەبووبێت بۆ ئەوەی روونی بکەمەوە بۆنمونە پێغەمبەری خوا(ﷺ) (کوشتنی مورتەدی هەلگەڕاوەی نەکرد، پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەجەنگا دژی کیّ؟ مورتەدەکان بۆ نەجەنگا؟ بۆچی ئەبوبەکر کوشتنی کرد دژی کیّ جەنگا(مورتەدین بۆچی پێغەمبەری خوا(ﷺ)نەی کرد ئەوەی کە ئەبوبەکر(رضي الله عنه) کردی. ئایە ئەوەی ئەبوبەکر کردی بیدعە بوو؟ نەخێرلەسەردەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ)داخوازی کردنی ئەو ئیشە نەبوو چونکە (هەلگەڕانەوە لەدین - مورتەدین)نەبوو، کەواتە ئەگەر داخوازی نەبێت ئەوە نالێین تەرك کردنی سوننەتە یان داخوازی کردنی هەبووە بەلاَم (مانع - ڕێگر )هەبووە بۆنمونە لەنوێژی (تەراویح ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) چەند شەوێك نوێژی (تەراویح)ی بەجەماعەت کرد دوایی وازی لێهێنا لەترسی چی؟ لەترسی ئەوەی نەوەکو فەرز بێت لەسەریان کەواتە (ڕێگر - مانع) هەبوو بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەجەماعەت بەبەردەوامی نەیکرد کە عمر هات (رضي الله عنه) لەسەردەمی عمر(رضي الله عنه) مانعەکە - ڕێگرەکە نەما لەچ سەردەمێك دا شەرع واجب دەبێت لەسەردەمی وەحی

دا پێغەمبەری خوا(ﷺ) زیندوە کەئەونەما ،تەواو مانعەکە نەما ئینجا داخوازیکە دێتەوە جێ کەواتە دەڵێین دووجۆر سوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەیە ئەو دووجۆرە سوننەتە ئەوەی کەسوننەتی (فعلیە) دەسی پێوە دەگرین ئەوەیشی کەسوننەتی تەرکە باوازی لێ بێنین بەلاّم ئێمە بێین تێکەڵی بکەینو پێچەوانەی بکەینەوە ئەوەی کەفعلیە وازی لێ بێنین ئەوەیشی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەرکی کردووە بیکەین ئەوە خودی بیدعەیە پەنابەخوای پەروەردگار .

## پرسیاری سێیەم:

**لە سورەتی (المائدة) خوای پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾ (المائدة: ٣).

**واتە: ئەمڕۆ ئاینەکەتانم تەواو کامل کردووە بۆتان، وە چاکەو بەهرەی خۆم بەتەواوی ڕشتوە بەسەرتانداو ڕازی بووم کەئیسلام دینتان بێت) جا بۆیە زانایەکی بەڕێز قسەیەکی زۆر جوانی هەیە نمونەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەم ئایەتەی سورەتی (المائدة) تەشبیهات نەبێت دەڵێت کابرایەکی پادشا لە وڵاتێکدا ئەوخەڵکەی ئیشوکاری خۆیان دەهێنن بۆ لای ئەم پادشایە (ولله المثل الأعلى) ئەم مەلیکە نامەیەك دەنوسێتەوە جوان چەند دێریك دەنوسێت بۆ ئیشوکاری ئەوخەڵکە کە هاتوون بۆلای مەلیك لە پاشاندا مۆری دەکاتو ئیمزای دەکاتو دەیکاتە ناو زەرفێکەوەو مۆری دەکاتو دەینێرێت بۆ خەڵکەکە ئایە کەسانێکیش بچن لە ڕێگا ئەو زەرفە بکەنەوە شتی زیادە لە تەنیشتی بنوسن لەدەوری قسەی ئەو پادشایە ئەم زانایە قسەیەکی جوان دەکاتو دەڵێت خوای گەورە دەفەرمێت:**

﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾ (المائدة: ٣).

**جا مامۆستا گیان چ پێویستیەك دەخوازێت کەموسڵمانان بچن دەستکاری ئەم دینە بکەن ؟**

**وەڵام:** داخوازی دەست کاری دینەکە دوو شتە یان ئەوەیە لەگومانی خۆیان وادەزانن کەئەم دینە کامل نییەو پێویستی بەکامل کردن هەیە، ئەم دینە تەنها بۆ سەردەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەشیا، کەواتە بۆ سەردەمی ئێمە پێویستی بەزیادات وتەرتیب وتەواوکاری هەیە، بێگومان ئەوەش ڕونەو دژی ئەو ئایەتەپیرۆزەیە کەخوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗا ﴾ (المائدة: ٣).

واتە: (ئەمڕۆ ئاینەکەتانم تەواو کامل کردووە بۆتان چاکەو بەهرەی خۆم بەتەواوی ڕشتوە بەسەرتانداو ڕازی بووم کەئیسلام دینتان بێت)، وە ئەوەی لەسەردەمی خۆی دین نەبوو بێت ئەمڕۆ نابێت بەدین ) کەواتە لەنێوان دوو حاڵەتدان هەردووکی یەك لەیەکترخراپترە کەسێك کەشتێك زیاد دەکات بۆ ئەو دینە پیرۆزە یان ئەوەیە دەبێت باوەڕی وابێت کە دینەکە نوقستانیو کەموکوڕی هەیەو پێویستی بە زیادە هەیە لە هەندێك شوێندا لە هەندێ سەردەمدا پێویستمان بە زیادە هەیە،کەواش بڵێن (کافر) دەبن، یان ئەوەیە بڵێن دینەکە کامڵە بەلاّم من شتی بۆ

زیاد دەکەم پەنا بە خوای پەروەردگار ،بێ گومان ئەوەش کوفرە نابێت ئینسان (ئیعتقادی ـ باوەڕی ) وابێت دەبێت شت بۆ دین زیادبکرێت ئەی کەسانێك بۆیە پرسیاریان لێدەکرێت ئەو کەسانەی کەشت بۆ دین زیاد دەکەن وە بیدعە دەکەن چونکە بیدعە زیادەیە لەسەر دین پرسیاری ئەوەیان لێ دەکەین ئەو شتەی کەئێوە کرتان **بۆ نموونە** (**ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەری** خوا(ﷺ)ئایا ئەو شتە خێرە یان شەڕە بێ گومان ناڵێن شەڕە چونکە کە شەڕ بێت دەڵێین بۆ دەیکەین ،ئەگەر خێرە پرسیاری دووەم ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیزانی خێرە یان (نەزان بوو) بۆ ئەو خێرە (والعیاذ باللە) ئەگەر بڵێن نەزان بوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەیدەزانی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی خۆی خێرە وە دیسان ( ابوبکر – عمر – عثمان – علی رضي الله عنهم) (صەحابەکان ـ هاوەڵان رضي الله عنهم ) تێکڕا (سەلەفی صالح ڕەحمەتی خوایان لێبێت) هەرسێ قەرنەکە نەیان دەزانی ئەم شتە خێرە ئەمڕۆ لەدوای ئەوان (عوبێدییەکان)(فاطمیەکان) لە میسر ئەوانەی ( لە ناخی دڵیاندا کافر بوون لە ڕووی دەرەوەیاندا (رافیضە بوون) ئەوانە ئەو خێرەیان نیشانی موسڵمانان دا، بێگومان ئەوە ئیتیهام کردنی پێغەمبەری خواو(ﷺ) سێ قەرنە پیرۆکەیە بەوەی کە جاهیل بوون بەوەی کە ئاگایان لەم خێرە پیرۆزە نەبووە،ئەوەش خۆی لە خۆیدا کوفرە، وەئەگەر بڵێن پێغەمبەری خوا(ﷺ) و سێ قەرنە پیرۆزەکە ئەیان زانیو جاهیل نەبوون بەوەی کە خێرە، پرسیاری سێ یەم کە زانیوییەتی ناڵێن نەیانزانیوە ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕای گەیاندو بە کەسی ووت بە ( ابوبکر – عمر – عثمان– علی رضي الله عنهم) صەحابەیەك بەکەسێکیان نەووت کە ئەمە خێرە بێگومان نیە لە هیچ فەرموودەیەك دا نەهاتووە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە صەحابەیەك بفەرمووێت یان بۆخۆی بیکات یان بەکەسێك بفەرمووێت ئەوە خێرە ئاگاتان لێبێت لەدەستان دەرنەچێت ئەوە خێرە، وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەفەرموودەیەکدا کە ئیمامی (مسلم) ڕەحمەتی خوای لێبێت ڕیوایەتی کردوە پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمووی: (هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە تاوەکو چ خێرێك هەبێت بۆ ئومەتەکەی هەبێت پێی ووتون، وە چ شەڕێك هەبێت بۆ ئومەتەکەی ئیلا لێی ئاگاداری کردوون).

وە ئەبو زەڕ( رضي الله عنه) لە (صحیح ابن حبان)دەفەرمووێت پێغەمبەری خوا(ﷺ)|(بەجێی هێڵاین‌و وەفاتی کرد هیچ باڵندەیەك بەئاسماندا نەڕۆیشتووەو نەفڕیوە ئیلا پێغەمبەری خوا(ﷺ) عیلمێکی سەبارەت بەو بۆ باس کردووین. دیسان پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی لە صحیحی ابن حبان (هەرشتێك خێربێت‌و لە بەهەشت نزیکتان بکاتەوە پێی فەرموویین وە هەرشتێك لە جەهەنم دوورتان بکاتەوە ئینزاری لێ کردووین). سەیرە ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ)بۆ پێی نەووتین کە ئەوەشیان خێرە!!؟ یان ئەوەیە دەبێت بڵێن ئەو فەرموودانەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕاست نین کە فەرمووی هەموو شتێکی خێرم پێ وتن یان ئەوەیە دەبێت بڵێن پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێك کە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ ﴾ (المائدة: ٦٧) .

واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕایگەیەنە بە (خەڵك) ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لەلایەن پەروەردگارتەوە ،وە ئەگەر وانەکەی ئەوە ڕاسپێریەکەی خوای گەورەت ڕانەگەیاندوە وە بەجێت نەهێناوە) پەیامی خوای ڕانەگەیاندووە،پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە کاتێك پرسیایان لێکرد ( ڕیسالەی خوای پەروەردگارم بۆهات وەزانیم لەسەر ئەو ڕیسالەتە ئازارم دەدەن ناڕەحەتم دەکەن بەڵام پێیان وتم ئەو ڕیسالەتە ئاگادار دەکەیتەوەو ڕایدەگەیەنیت بەموسڵمانان و بەخەڵکی یان (عەزابت ـ سزات ) دەدەین پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموی ئاگادارم کردەوە ڕام گەیاند (صحابە ـ هاوەڵان ) فەرمومیان بەڵێ شاهێدی دەدەین بۆ خوای پەروەردگار کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیاندویەتی. پرسیاری چوارەم: ئایە پێغەمبەری خوا(ﷺ) زانیویەتی؟ بەڵام ڕای نەگەیاند کەواتە بەخیانەت دانانی کێیە؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە ڕیسالەتەکەی ڕانەگەیاندوە، ئەگەر بڵێن والله ئەو ڕایگەیاند دەڵێین ئەی بۆ (صەحابەکا ن ـ هاوەڵان) پێمانیان نەوت کەواتە ئەوە بە خیانەت دانانی کێیە؟ بەخیانەت دانانی (صەحابەو ـ هاوەڵانە) ( ﷺ) ئیتر هیچ نامێنێتەوەو ناتوانن ئەوەش بڵێن خێریکەو پێغەمبەری خوا(ﷺ) زانیویەتی وەپێی نەوتووین چونکە کەپێی نەوتوین خیانەتە، کەواتە ئەڵێین پێی ووتوین هیچ فەرموودەیەك نیە، یان ئەوەیە دەبێت وازلەوە بێنین کەخێرەو دەبێت بڵێین تاوانو شەڕە، کە شەڕیش بێت کەواتە دەبێت وازی لێبێنین، یان ئەگەر بڵێن خێرە دەبێت وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بدەنەوە، ئایە پێغەمبەری خوا(ﷺ)زانی خێرە؟ وەئایە خۆی کردی صحابەکان کریان ووەبەخەڵکیان ڕاگەیاند یان نا؟ لەو بارەیەوە(ئیمام عز بن عبدالسلام) –کە خۆیشیان ئەو کەسانەی کەئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر بەڵگە بەقسەی ئەو دەهێننەوە– لە قسەیەکیدا دەفەرموێت (ڕەحمەتی خوای لێبێت) (صلاة الرهائب) جۆرە نوێژێکە کەئەویش بیدعەیەو لەدیندا نییەو زیادیان کردووە (ئیمام عز بن عبدالسلام) فەرمومی ئەوە بیدعەیە بەبەڵگەی چی؟ فەرمووی بەبەڵگەی ئەوەی کە هیچ یەکێك لەوعالمانەی (سەلەف ـ پێشین) ئەوەیان نەقل نەکردووە نەلەصەحابەو نەلەتا بعینەوە کە بڵێن ئەو جۆرە نوێژە هەیە کەواتە قەدەغەیەو بیدعەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نادیار بووە لەکێ لەو ئیمام و پێشەوایانەی دین.

کەواتە دەفەرموێت نابێت ئەو هەموو ئیمامە بەڕێزانەش بێ ئاگا بن و ئاگایان لێ نەبێت وەپێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ )(٢).

واتە: خێرترین خەڵکی خەڵکی سەردەمی منە واتەصەحابە لەپاش ئەوان (تابعین) لەپاش ئەوان شوێنکەوتوانی تابعین.

---

(٢) صحيح: رواه البخاري (٢٤٥٨) ومسلم (٤٦٠١).

ئەوسێ قەرنە پیرۆزە ئاگایان لەوخێرە نەبو نەیان کرد ئەوە (عوبەیدیەکان ) هاتن کردیان ئایە بەوە عیبادەت دادەمەزرێت بەوان دەڵێین قسەکەی (ئیمام عز بن عبدالسلام) بەسە بۆتان کەعیبادەت بەوە دانامەزرێت ئەوە خۆی لەخۆی دا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بیدعەیە .

**پرسیاری چوارەم:**

**بەڵام قاعیدەیەك هەیە ( ئەگەر شتێك پێغەمبەری خوا( ﷺ ) نەی کردبێت، وە صاحابە نەیان کرد بێت ئەوە ناگەیەنێت کە لەدوای ئەوان کەسێك بیکات ببێت بە حەرام ) بۆ نمونە یەکێك لەوانە ئەو شوبهەیە دەهێننەوە کە دەڵێن لەکاتی پێغەمبەری خوا( ﷺ ) قورئانی پیرۆز بەم شێوەیەی ئێستا لە کتێبدا کۆ نەکرابووە ئایا لەدوای وەفاتی پێغەمبەری خوا( ﷺ ) ئەوە بوو چەند صەحابەیەك هەڵسان بە جەمع و کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز ئایا ئەم صەحابانە کە ئەم ئیشەیان کردووە قورئانیان کۆکردۆتەوە ئایا لە دیندا ئەمە بە بیدعە حسابە؟ ئەوانیش بیکەن بە بەڵگە بڵێن هەر چەند صەحابە یادی لە دایك بوونی پێغەمبەری خوایان( ﷺ ) نەکردووە بەڵام ئەوەتا صەحابە قورئانیان ( جەمع ـ کۆکردۆتەوە ) کە پێغەمبەری خوا( ﷺ ) نەیکردووە ؟**

**وەڵام :**

بیدعە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەیکردبێت لە دیندا وە داخوازی کردنی هەبوو بێت وە هیچ مانعێك ڕێگرێك لەکردنی نەبوو بێت ئەم دووخاڵە گرنگە لە بیرمان نەچێت بۆ ئەوەی بزانین بیدعە چی یە؟ هەر شتێك لە دیندا پێغەمبەری خوا(ﷺ)نەیکرد بێت داخوازی کردنی هەبوو بێت وە هیچ مانعێك ڕێگریك لە کردنی نەبوو بێت، لێرەدا دێین باسی ئەمە دەکەین مەسەلەی (جەمع ـ کۆکردنەوەی ) قورئانی پیرۆز، پێغەمبەری خوا(ﷺ) تا کۆتایی ساتی ژیانی ئامادەو چاوەڕێی ئەوەیەتی کە وەحی بێتە خوارەوە بۆی، جبریل بێتو وەحی بۆ دابەزێت، تاوەکو قورئان هەموی دانەبەزێت چۆن کۆبکرێتەوەو ئەمڕۆ قورئان بۆنمونە لەساڵی پێنجەمی کۆچی دا یان لەساڵی سێی کۆچی دایە چۆن پێغەمبەری خوا(ﷺ)بە صەحابە بڵێ هەستن وەرن باقورئان کۆبکەینەوە؟ ئێ چۆن قورئان کۆبکەنەوە جارێ ماوێتی جاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەمردووەو قورئان بەردەوام دادەبەزێت چۆن قورئان کۆبکرێتەوە لەکاتێکدا کەجارێك هەمووی دانەبەزیوەو تەواو نەبووە، کەواتە ڕێگر هەبووە لەکۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز ڕێگرەکە چی بوو؟ ئەوەیە کام قورئانە کۆبکەنەوە ئەو قورئانەی لەساڵی یەکەمدا هات؟ یان ئەوەی کە لە ساڵی دووەم دابەزی؟ یان ئەوەی کەساڵی سێیەم دابەزی؟ جارێك قورئان هەمووی دانەبەزیووە تاوەکو هەمووی کۆبکرێتەوە ڕێگر هەبووە مادام ڕێگر هەبووە هەرکاتێك ڕێگرەکە نەما لەکۆکردنەوەی (وە ڕێگرەکە کاتێك نەما کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کرد) چونکە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچی تر قورئان دانابەزێت کەواتە ئەوەی کە هەبوو تەنها ئەو قورئانە کۆبکەنەوە، لەسەردەمی (ئیمامی عمر رضي الله عنه) تەراویحی پێکردن لەسەردەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مانع هەبوو ڕێگرهەبوو کاتێك کەڕێگرەکە نەما (ڕێگرەکەچی بوو؟

وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچ شتێك فەرز نابێت مانعەکە نەما ئەصڵە سوننەتەکە گەڕایەوە کەلەئەصڵدا سوننتە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) (بەعەمەلی ـ بەکردەوە )خۆی سێ شەو کردی بەجەماعەت هەروەها بەسوننەتی قەولی فەرمویەتی صەحابە ئەو سوننەتەی پێغەمبەری خوایان(ﷺ) جێ بەجێ کرد نەك بیدعە بکەن، بەڵام قسەی (ئیمامی عمر ﷺ) (نعمة البدعة هذه) مەبەست لە بیدعەی زمانەوانیە نەك بیدعە لە شەرعدا، لە زمانەوانیدا هەر شتێك لە پێشتر کرابێت ئەگەر بەڵگەی لەسەر بێت ئەوە پێی دەوترێ بیدعە، چۆن؟ بۆ نمونە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی کردووە بەدەرکردنی یەهود لە جەزیرەی عەرەب لە سەردەمی خۆیدا نەکراوە کێ کردی؟ کاتێك (عمرﷺ) هات باشە ئەو کارە بیدعەیە بۆ؟ چونکە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەکراوە، بەڵام ئەوە لەزمانەوانیدا بیدعەیە ؟ بەڵێ بۆ چونکە هەرشتێك (وێنەی پێشوی نەبوو بێت بیدعەیە) بەڵام لە شەرع دا بیدعەیە؟ نەخێر چونکە بەڵگەی لەسەرە بە هەمان شێوەش ئیشی (عمرﷺ) کە کردی مادام بەڵگەی لەسەرە لە شەرعدا بە بیدعە دانانرێت هەرچەندە لە زمانەوانیدا بیدعە شتێکە کە لە پێشتر نەکراوە.

## پرسیاری پێنجەم

**پێغەمبەری خوا( ﷺ ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت ( فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ)(٣) ئایا ئەم فەرمودەیە ئەوە ناگەیەنێت ئەگەر هەموو صەحابە لەسەر شتێك كۆك بن هەرچەندە پێغەمبەری خوا( ﷺ ) ئەو شتەی نەکردبێت ئایا ئێمەی موسڵمان واجب نیە لە سەرمان دوایان بکەوین؟**

## وەڵام

بێگومان ئەمەش وەڵامێکی ترە بۆیان کە هەرچی شوبهەیەك کە ئەوان دەیهێننەوە دوو وەڵامی هەیە: وەڵامێکیان ئەوەیە کەوتمان ئەو شتانە لە ئەصڵدا بیدعە نین لە شەرعدا چونکە ئەصڵی هەیەو بەڵگەی لەسەرە، وەڵامی دووەمیان ئەوەیە کە مادام صەحابە کردوویانە نابێت بە بیدعە، صەحابە هەموویان حوجەو بەڵگەیەن، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە پرسیارکار ئاماژەی بۆ کرد فەرموودەیەکی تر (ما أنا عليه اليوم وأصحابي) وەهەروەها ئایەتی قورئانیش: ﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾ ﴾ (التوبة: ١٠٠).

واتە: (پێشکەوتووە یەکەمەکان لە کۆچکەرەکانو یاریدەدەران ئەوانەش زۆر بەچاکی پەیڕەوی ئەوانیان کردووەو شوێنیان کەوتوون خوا لێیان ڕازی یە ئەوانیش بەو پاداشتە ڕازین کە خوای گەورە پێی داون، وەخوای گەورە بەهەشتانێکی بۆ ئامادە کردوون کە ڕووبارەکان دێن و دەچن بە ژێریاندا دەمێننەوە بە بێ بڕانەوە ئەوەیە گەیشتن بە ئامانجی گەورە).

---

(٣) صحيح: صحيح الجامع (٢٥٤٩).

کەواتە هەر کەسێك شوێن (سەلەفی صالح) بکەوێت لە (مهاجرین (کۆچکەران) — أنصار (پشتیوانان)) لەوەی کە کردوویانە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە کرابێ ئەوە لەسەر هیدایەت و خێرە نەك لەسەر بیدعە، بەلام ئایا ئاهەنگ گێران بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەکو جەمعی قورئانە؟ وەکو تەراویحە؟ کە بۆ لەسەردەمی (صەحابە ـ هاوەلان ﷺ) کراوە ، نەخێر بێگومان نە لەسەردەمی(صەحابە ـ هاوەلان ﷺ)و نە لە دوای ئەوان، نەلەدوای ئەوانیش لەسێ قەرنە پیرۆزەکەدا نەکراوە لەقەرنی چوارەمدا (عوبەیدییەکان ـ فاتمییەکان) بیدعەی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەری خوایان(ﷺ) داهێنا .

## پرسیاری شەشەم:

**یەکێك لە شوبهەکانیان کە دەیدەن بەگوێ ی خەڵکیدا کە گوایە ئەم مەولودە کە ئەمڕۆ ئە نجامی دەدەن ئەمە شتێکی شەرعی یە لە قورئاندا هاتووە، نەك بەڵگە لەسەر نەکردنی نیە بەڵکو لە قورئاندا خوای گەورە ئەمری پێمان کردووە، وە ئەڵێن چەندەها فەرمووەدی لەسەرە کە پێغەمبەری خوا ئەمری پێ کردووە( ﷺ )، بەلام بەڕێزت ڕونت کردووە کەفەرمووت پێغەمبەری خوا( ﷺ ) شتی وای نەکردووە وە تابعین ئیشی وایان نەکردوە، ئەمەش یەکێکە لە بەڵگەکانیان خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ٥٨﴾ (يونس: ٥٧ – ٥٨).

**واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان بۆتان هاتووە ئامۆژگاری قورئان لە لایەن پەروەردگارتانەوە وەشیفاو چارەیە بۆ ئەوەی لە ناو دڵ و دەرونتاندایە وەرێنموونی میهرەبانیە بۆ بڕواداران * ئەی محمد( ﷺ ) بڵێ هەر بە هۆی چاکەو میهرەبانی خواوەیە ) ئەڵێن (وَبِرَحۡمَتِهِۦ) مەبەست پێی پێغەمبەری خوایە( ﷺ ) بەلام من ئەووەندەی من چاوم بەکتێبەکان خشاندبێت تەفسیری** ( ابن كثير، البغوي ، عبدالرحمن السعدي، الناشيء، ابو بكر الجزائري، الطبري ) **مامۆستا گیان ئەم شەش تەفسیرە گەڕاوم بەدوای** ﴿قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ﴾**گوایە پێغەمبەری خوابێت ( ﷺ ) گەڕاوم هیچ قیلێکم نەبینی تێیدا ؟ وە ئایەتێکی تر هەیە خوای پەروەردگار لە قورئاندا دەفەرموێت:** ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ (الأنبياء: ١٠٧).

**واتە: ( ئەی پێغەمبەری خوا( ﷺ ) تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردوە کە ڕەحمەت بیت بۆ جیهانیان ) ئایا تا چ ڕادەیەك صەحابە( ڕەزای خوایان لێبێت ) یان تابعین یان موفەسرین لەسەر ئەو بۆچونەن کە(**وَبِرَحۡمَتِهِۦ**) سورەتی یونس ( **رَحۡمَةٗ** ) سورەتی الأنبياء ) مەبەستی پێغەمبەری خوابێت ( ﷺ ) ئایا صەحابە تەفسیری ئەم ئایەتەیان زانی بۆ چی مەولودیان نەکرد؟**

**وەڵام:**

یەکێکی تر لەو ئافاتانەی کە بەهۆی (موبتەدیعەکانەوە) توشی ئوممەتی ئیسلام بووە ئەوەیە کە لێکدانەوەی ئایەتو فەرموودەکان لای ئەوان بەو شێوەیە نییە کە لای سەحابەو لای ئیمامە بەڕێزەکان هەبووە (واتە: بە تێگەیشتنی صەحابەکان ئایەتەکان لێك نادەنەوە) بەڵکو ئایەت وفەرموودەکان بەو شێوەیە لێك دەدەنەوە خزمەتی بیدعەو شتە داهێنراوەکانی خۆیان بکەن کە خزمەت بە مەصڵەحەتەکەیان بکات، چونکە لێمان تێك نەچێت ئەو کەسانەی کە بیدعە دەکەن چەند جۆرێکن: جۆرێکیان (عامەی خەڵك، خەڵکی سادەو فەقیر بە نیەتێکی پاکی خۆی دەیکات کە هەرچەندە نیەتی پاك بیدعە ناکات بەسوننەت بەڵام ئەوانەی کە بە ئەصلی ئیشەکە هەڵدەستن لە ئەصڵدا (فاتمییەکان) کردیان کە قەومێکی زۆر خراپ بوون دوور لە دین بوون مەبەستیان ئەوە نەبوو کە خۆشویستنی پێغەمبەری خوایان زۆرە (ﷺ) بەڵکو مەبەستیان ئەوە بوو کە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن خەڵکی لێیان ڕازی بێت کە دەوڵەتیان بەدەستەوە بوو وای دەربڕن کە پێغەمبەری خوایان(ﷺ) زۆر خۆش دەوێت وەئەوانە لە ئالو بەیتن نیسبەتیان بۆ (فاطمة یە) (ڕەزای خوای پەروەردگاری لێ بێت) کەواتە مەبەستی سەرەکی لە دروست کردنی ئەوە ڕاکێشانی خەڵکە بەلای خۆیان نەك سەرنج ڕاکێشانی خەڵك بێت بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە مەبەست پێغەمبەری خوا بێت(ﷺ)، دەبێت وابکەن شوێنی سوننەتەکانی بکەون وەدژایەتی بیدعە بکەن بەڵام دەبینین ئەو کەسانەی شوێنی سوننەت ناکەون گرنگی بە (مەولودی نەبەوی دەدەن)، وەسوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە عیباداتو شێوەو پۆشاکو خوا پەرستیاندا نابینین بۆمان دەردەکەوێت بانگەوازیان بۆ مەولود بۆلای خۆیانە نەك بۆ لای سوننەتی پێغەمبەری خوابێت(ﷺ)، وەبەگەورە دانانی خۆیانە نەك بەگەورە دانانی پێغەمبەری خوابێت(ﷺ)، صەحابە لەوان زیاتر پێغەمبەری خوایان(ﷺ) بە گەورە داناوە ئەگەر مەبەستیان خۆشویستنی پێغەمبەری خوابێت(ﷺ) صەحابە لەوان زیاتر پێغەمبەری خوایان (ﷺ)خۆشدەویست، (سەیرە!!!)ئەم مەولودە ئەوان دەیکەن صەحابەکان نەیان کردوە، دێینە سەر ئەوەی ئەم ئایەتانە ئایا دروستە بەو شێوەیە تەفسیر بکرێت؟. یەکێکی تر لەو ئافاتانەی کە ئەمڕۆش بەردەوامە بۆ تەفسیری قورئانو فەرموودە بەو شێوەیە نییە کە(صەحابە ـ هاوەڵان ) کردویانە سیاقی ئایەتەکە کە ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە کتابی (الرسالة)ی خۆیدا دەفەرمووێت: (ئەو ئایەتانە باس دەکات کە هاتنی ئایەتەکە خۆی لە خۆیدا شوێنی ئایەتەکە ماناکەیت بۆ تەفسیر دەکات ) ئایەتەکە هاتووە خۆی خۆی تەفسیر دەکات کە ئاگات لە پێشی ئایەتەکەو دوای ئایەتەکە بێت دەزانیت ئەو ئایەتە باس لە چی دەکات، بەڵام کە بە تەنها بێت ووشەیەك لە ئایەتەکە دەربهێنیت ئەوە تووشی هەڵە دەبیت (سیاق) کاریگەری زۆرە (سەرەتای ئایەتەکە چی بوو ؟ ئەوەبوو کەخوای گەورە فەرمووی ﴿ ئەی خەڵکینە بێگومان بۆتان هاتووە ئامۆژگاری قورئان لەلایەن پەروەردگارتانەوە وە شیفا و چارەیە بۆ ئەوەی لەناو دڵ و دەرونتان دایە ﴾ ئایە پێغەمبەری

خوا(ﷺ) ئامۆژگارییە؟ یان قورئانی پیرۆز ئامۆژگارییە؟ وەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (الإسراء: ٨٢).

واتە: (لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کە شیفاو میهرەبانی یە بۆ بڕوادارن) جا ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) (وَشِفَآءٌ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ )ە؟ هەر قورئانە کە خۆی شیفایە، جا لە دوای ئەوە دەفەرمووێت: هەر لە ئایەتەکە خۆیدا قورئان هیدایەتە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە هیدایەتی خەڵکی دابێت بە قورئانی پیرۆز هیدایەتی داوە کەواتە دوای ئایەتو سەرەتای ئایەت کۆتای ئایەتەکەمان بۆ تەفسیر دەکات.

**ماموستا ئەو ( ٦ ) تەفسیرەی کەوتمان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوە** ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ ﴾ ( القرآن )، ﴿ وَبِرَحْمَتِهِۦ ﴾ ( الایمان ) **یان ئیسلامە؟**

ئەوەی من خوێندبێتم لەو شەش تەفسیرە وادەڵێت ئیمامی ( ابن القیم ) دەفەرمووێت: (قسەکەیان کە کۆ دەکەینەوە صەحابەو تابعین کە تەفسیری ئەم ئایەتەیان کردووە ) هەموو قسەکەیان دێتەوە بۆ ئەم دوو خاڵە (فەزڵی خوا ) ئیسلامە ڕەحمەتەکەشی سوننەتە، نەك شەخصی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ ﴾ واتە: ئیسلام، ﴿ وَبِرَحْمَتِهِۦ ﴾ واتە: بە سوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم دوو خاڵەیە کە سەبەبی هۆکاری چی یە؟ هۆکاری بەختەوەری ئینسانە لە دونیاو دوارۆژدا (ئیسلام وسوننەت) بۆیە یەکێك لە سەلەف دەیفەرموو (نازانم کام لەم دوو نیعمەتە مەزنترە لەسەرم) نیعمەتی ئیسلام ئایا نیعمەتی ئیسلام گەورەترە کە خوای گەورە هیدایەتی دام بۆ دینی ئیسلام، یان نیعمەتی سوننەت، کە خوای پەروەردگار لە نێوان ئەم هەموو (فرقەو گروپو بیدعەو ڕێچکەیە) هیدایەتی دام بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)چونکە ڕێچکەکانی عیبادەتو خوا پەرستی بەستراونو ناگەن بە بەهەشت وەناگەن بە ڕازی بوونی خوا تەنها ڕێگای سوننەتی پێغەمبەری خوا نەبێت (ﷺ)، کەواتە فەزڵی خوا ئیسلامە (ڕەحمەتەکەشی سوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)) بەچی دڵ خۆشیت؟ بەوە کەتۆ موسڵمانیت کەتۆ لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوایت(ﷺ)، یەکێك لە سەلەف فەرمووی نازانم بە کامەیان زیاتر دڵ خۆشبم کە خوای گەورە خستومێتیە سەر ئیسلام یان خستومێتیە سەر سوننەت؟ چونکە بە موسڵمان بوونت لەچی ڕزگاری کردی ؟ لە کوفر لە دونیا، وە لە قیامەتو دواڕۆژ لە چی ڕزگاری کردی؟ لە سزای بەردەوامی و هەتاهەتایی دۆزەخ ئەی بە سونیت کە لە سەر سوننەتی پێغەمبەری خوا بڕۆیت (ﷺ) لە دونیا لەچی ڕزگاری کردی، وە لە قیامەت لەچی ڕزگاری کردی؟ لە دونیا لە بیدعە و گومڕایی، وە لە قیامەت لە سزای بەردەوامی دۆزەخ ڕزگاری کردی کەسێك لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بێت ناچێتە ناو دۆزەخ، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا۟ ﴾(النور: ٥٤). واتە: (ئەگەر بێتو گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکەن ئەوا هیدایەت دراون).

کەواتە کەسێك شوێن سوننەتی پێغەمبەری خوا بکەوێت (ﷺ) وەکو خوای گەورە هیدایەتی دەدات، هیدایەتی دەدات بۆ چی؟ هیدایەتی دەدات بۆ ڕێگای ڕاست ڕێگای پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَتَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴾(الشوری: ٥٢).

واتە: (بەڕاستی تۆ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خەڵکی ڕێنمووی دەکەیت بۆ ڕێگای ڕاست) . کەواتە ئەمە لە ئایەتەکەدا نەهاتووە کە ڕەحمەت، پێغەمبەری خوابێت(ﷺ) بەڵام ئێمە تەفسیری: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾(الأنبياء: ١٠٧).

دەڵێین ئەوە لادانە لە (سیاقی) ئایەتە پاشان هەر وشەیەك لە شوێنێکدا بە مانایەك هات ئایا لە هەموو شوێنێکدا بە هەمان مانا دێت ئەمە هەڵەیە زۆر هەڵەیە.(سەلەفی صالح) وا لە قورئانی پیرۆز نەگەیشتوون، ووشەی ڕەحمەت بۆنموونە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموویێت ( ياحي ياقيوم برحمتك أستغيث ) واتە: خوایە بەرەحمەتی تۆوە داوای یارمەتی دەکەم ) جا ئەگەر ڕەحمەت پێغەمبەری خو ا بوایە (ﷺ) کەواتە ( أستغيث – هاناو هاوار) بەکێ دەکات بەخۆی ئەوەش کوفرە پەنا بەخوا کەواتە نابێت بڵێین و وشەی ڕەحمەت کە لە ئایەتی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾(الأنبيـاء: ١٠٧) کەپێغەمبەری خوایە (ﷺ) خوای گەورە ناردوویەتی بە ڕەحمەت لە هەموو شوێنێکدا لە قورئاندا ووشەی ڕەحمەت واتە: کێ؟(ڕەحمەت) واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەخێر چونکە ئەو ئایەتەی: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلۡقُرۡءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٞ وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ (الإسـراء: ٨٢). واتە: لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کە شیفاو میهرەبانییە بۆ بڕواداران ) کەواتە قورئان ڕەحمەتە نابێت ئێمە ووشەی (ڕەحمەت) لە ئایەتی ( وأرسلناك....) هاتووە ئەو ئایەتەی تریش ووشەی ڕەحمەت واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) پاشان وەلآمێکی تر بۆ ئەوان ئایەتەکەی سورەتی ( الانبياء ) فەرمووی ( وما أرسلناك ) یان (وما خلقناك)فەرمووی خوای گەورە ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾ (الأنبياء: ١٠٧).کەواتە ناردنەکەی چیە ؟ (ڕەحمەتە) ئایەتێکی تریش دڵنیا بن بۆ ئەوە خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ لَقَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ بَعَثَ فِيهِمۡ رَسُولٗا ﴾ (آل عمران: ١٦٤).

واتە:. سوێند بێت بێگومان خوا چاکەو منەتی نا بەسەر بڕواداراندا کاتێ کە ڕەوانەی کرد لە ناویاندا (نێردراوێك) کەواتە خوای گەورە نیعمەتی بەسەر خەڵکدا ڕشت بەچی بەوەی کە(محمد(ﷺ)) لەدایك بوو یان بەوەی کە (محمد(ﷺ)) بۆ خەڵك نارد لە دایك تاپێش ناردنی خەڵك لە کوفر ڕزگاری نەبوو بۆئیسلام بۆیە دەفەرموویێت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧ ﴾(الأنبياء: ١٠٧).

بۆیە خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴾ (آل عمران: ١٦٤).

www.ba8.org

واتە: (ئەگەر چـی ئەوان لەپێشدا لە گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرابوون) کەواتە ناردنەکەی (ڕەحمەت بووە ئەگەر ڕاست دەکەن با دڵخۆشی خۆیان بـەناردنی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەربـبڕن ئـەوەش بەچـی دەبێـت کـە شـوێنی سـوونەتەکانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بکـەوین نـەك وەڵله فلانـە ڕۆژ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـەدایك بـووە ئێمـە دڵخۆشـــین.........

## پرسیاری حەوتەم:

**ماموٚستا گیان یەکێکی تر لەو شوبهانەی کە دەیکەن بە بەڵگە بەرامبەر بەهەنـدێك کـەس وەکـو خـۆی تەفسیری ناکەن یا ئایەتێك وەکو خۆی تەفسیری ناکـەن شوبهەکەشیان ئـەم ئایەتەیـە کـەخوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿** وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَآ أَنۡ أَخۡرِجۡ قَوۡمَكَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ وَذَكِّرۡهُم بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّكُلِّ صَبَّارٖ شَكُورٖ ﴾ (إبراهيم: ٥). **ماموٚستای بەڕێز هەندێك کەس ئـەم ئایەتـە دەکـەن بـە بەڵگـە گوایە ئاهـەنگ گێـڕان بـۆ پێغەمبـەر ﷺ دەڵـێن دروسـتە خـوای گـەورە فەرموویـەتی﴿** وَذَكِّرۡهُم بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِۚ **﴾ کەواتە ئێمەش پێویستمان بەوەیە کە ساڵانە ڕۆژێك یادی ئەو پێغەمبەرە بکەینەوەﷺ بـۆ ئـەوەی دڵمـان خـۆش بێت و دڵمان فراوان بێت بۆ ئەوەی چاو و دڵمان ڕۆشن بێت بەوەی کە دەیکەین، ئایا ماموٚستا گیـان ئـەم شـوبهەیە دەبێت بە بەڵگە لەسەر دروستێتی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرﷺ ؟**

***وەلاَم:*** گومانی تێدا نییە لەکاتێك ئێمە بمانەوێت تەفسیری ئایەتێك بکەین پێویستە ئاگامان لە( سیاق و هـاتنی ئایەتەکە بێت چۆن هاتووە دوای ئەم ئایەتە چییە؟ باس لەچی یەوە دەکات بەلاَم ئێمە بێین وشەیەك لە ئایەتەکە دەربهێنین کەهاتنی ئایەتەکەو لێکدانەوەی جێگاو شوێنی دەلیل نەبێت لەسەر ئەوەی ئەو مانایە نیشان نـەدات کـەوەکو پێغەمبـەرﷺ وصـەحابە ﷺ لـەو مانایـە حـاڵی نەبوونـە ئـەوە خـۆی لـە خۆیـدا گومڕاییـە لـە ئەسـڵی تێگەیشتنەکەو ئەم جۆرە تێگەیشتنە گومڕاییە، وەلەسەر ئەم تێگەیـشتنە هەڵەیـە کردەوەیـەکی هەڵـەی لەسـەر بەرپا بکەن ئەوە دوو گومڕاییە گومڕایی یەکەم لەڕوانگەی گومڕابوون کەجۆرە تەفسیرو تێگەیشتنێك بۆ ئایەتەکە دەکـەن کەسـیاقی ئایەتەکـە قبـوڵی ناکـات وە پێغەمبـەرﷺ و صـەحابە ﷺ بـەو شـێوەیە فـەهمیان نـەکردووە بەوجۆرە تێنەگەیشتوون ئەمە خۆی لەخۆیدا گومڕاییەکەو موخالەفەی تێگەیشتنی سەلەفی صاڵحە.

گومڕایی دووەم ئەوەیـە کـە(عەمـەل و کردەوەیـەك) بینـا دەکـەن لەسـەر ئـەو فەهمـە غەڵەتـە کـە لـە ئایەتەکە تێگەیشتوون، ئەم ئایەتە کە سەیری بکـەین و لێـی وورد ببینـەوە لـەقورئانی پـیرۆزدا خـوای پـەروەردگار باسـی چیمان بۆ دەکات﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مُوسَىٰ ﴾ واتە سوێند بەخوا بەڕاستی موسامان(عليه السلام) نارد، بۆ چی نـاردی؟ ( بأياتنا.....النور ) بە موعجیزەکانمانەوە فەرمانمان پێدا کە گەلەکەت ڕزگار بکە لـە تاریکییەکانـەوە بـۆ ڕوونـاکی، کام تاریکی لە تاریکی کوفر بۆ نووری ئیمان لە تاریکایی شیرك بۆ نووری تەوحید، لە تاریکایی بیدعـەو خوراِفـەت

بۆ نووری سوننەت و هیدایەت، لە تاریکایی جەهل و نەزانی بۆ نووری زانست و زانیاری، لە تاریکاییەکانی تاوان و بێ شەرعی و دووری لە خوای گەورە بۆ ڕووناکی تاعەت و خواپەرستی ﴿ وَذَكِّرْهُم بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِ ﴾ ئامۆژگاییان بکە بەڕووداوەکان لە ڕۆژەکانی خوا یان بەهرەکانی خوایان بیربخەرەوە جا لە ئایەتەکەدا وشەی ژ ۆ ۆ ۆۆ ژ ڕۆژی خوای پەروەردگار بریتی یە لەچی؟ دوو تەفسیر هەیە بۆ ئەم ئایەتە **یەکەمیان** ئەوەیە کە یادی نیعمەتەکانی خوای پەروەردگار بکەرەوە ئەم قەومە لەدەستی فیرعەون لە ناڕەحەتیدا بوون پیاوەکان و کوڕەکانیان دەکوشتن ئافرەتانیان دەهێشتەوە وە لە ناڕەحەتییەکی زۆردا بوون خوای پەروەردگار ڕزگاری کردن و نیعمەت و بەرەکەتی بەسەردا ڕشتن.

**تەفسیری دووەم:** ئەوەیە بیان ترسێنە بە عقوبەی خوا بە ئوممەتانی پێشوو کە شوێن پێغەمبەرەکانیان (علیهم الصلاة والسلام) نەکەوتن خوای گەورە سزایانیدا ئەوانیش بەدەنگتەوە نەیەن و شوێن تۆ نەکەون ئەی موسی (علیه السلام) خوای گەورە چی لە قەومەکانی تر کرد چونکە شوێن پێغەمبەرەکەیان نەکەوتن خوای گەورە ئاوایان لێ دەکات کەواتە چیو چیان بیر بهێنەوە؟ نیعمەتەکانی خوا بۆ ئەوەی شوکری لەسەر بکەن وە(عذاب_سزای) خوایان بهێنەوە یاد بۆ ئەوەی خۆیانی لێ بپارێزن بۆیە لە کۆتایی ئایەتەکە چی فەرموو؟ ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ﴾ (إبراهيم: ٦). واتە: (بیریان بخەرەوە کاتێ بە گەلەکەی ووت بیری بەهرەو چاکەی خوا بکەنەوە بە سەرتانەوە والله أعلم.

کەواتە لە ئایەتەکە بۆمان دەرکەوت ڕوونی کردەوە ئەو ئایەتە باسی چی دەکات ﴿بِأَيَّىٰمِ ٱللَّهِ ﴾ واتە نیعمەتەکانی خوا لە لایان وە عذاب سزای خوا لە لایان بیری قەومەکەی خۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی بیری نیعمەت وایان لێ بکات سوپاسی خوا بکەن لە سەری وەعقوبەی خوا بیان ترسێنێ لەوەی کە بێ شەرعی خوای پەروەردگار بکەن، باسی تەفسیری ئایەتەکە بریتی یە لەوە بەڵام تەئویلی ئەوە بکەن خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا باسی لەدایك بوونی پێغەمبەرێکی کردووە کەواتە پێویستە ئێمەش ئەوە بکەین من دەڵێم زانایانی ئوممەتی ئیسلامیش ئەمەیان کردووە پێغەمبەری خواﷺ هەر ڕۆژی لە دایك بوونی لە پەرتوکی سیرەدا باسی ژیانی پێغەمبەری خوا دەکاتﷺ تۆماریان کردووە کە پێغەمبەری خواﷺ لە چی بیئەیەك بووە چۆن لەدایك بووە چۆن باوکی نەماوە چۆن شیردەری هەبووە تا گەیشتۆتە ئەو ڕاددەیەی کە بووە بە پێغەمبەر ﷺ وەتاکو ئەو ڕۆژەی کەوەفاتی کردووە، زانایانی ئێمەش ئەوەیان کردووە کەواتە باسکردنی لەدایك بوونی هەندێك لەپێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) لە قورئانی پیرۆزدا ئەوەیە کە ئێمە زانیمان لە کتێبی سیرەدا باسیان کردووە مانای ئەوە نی یە ئێمە ڕۆژێك لە ساڵێکدا دیاری بکرێت لەو ڕۆژەدا یادی بکرێتەوە باسکردنی لە قورئاندا کەئەوەی لەگەڵ بێت ئەوە بائێمە لەگەڵ پێغەمبەرەکەمان بیکەین کەواتە ئەم بەڵگەیەی کەباسکردنی پێغەمبەران

لە قورئاندایە بەڵگەیەکی پوچەڵەو ڕاست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ ڕۆژێك ئاهەنگی بۆ پێغەمبەرەکان نەگێڕاوە وەنەی فەرمووە بۆ خۆیشی ئاهەنگی بۆ بگێڕین والله أعلم.

## پرسیاری هەشتەم:

**یەکێکی تر لەو شوبهانەی کە دەیکەن بە بەڵگە کە ئەویش ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە ﷺ** (مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ وَمَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ)(٤).

**واتە :( هەرکەسێك لە ئیسلامدا ڕێگایەکی چاك دابهێنێت ئەوە ئەجرو پاداشتی خۆیی و ئەوانەش کەکاری پێدەکەن دەگات هەتا ڕۆژی قیامەت ) ئایە مامۆستا گیان ئەم فەرموودەیە دەبێت بەبەڵگە لەسەر دروستێتی مەولود لە شەرعدا؟**

***وەڵام:*** بێگومان ئەم فەرموودەیە صەحیحە _ ڕاستە بەڵام بەڵگە نی یە بۆ دروستێتی بیدعەکەیان ئەگەر بێتوو سەیری هاتنی ئایەتەکان بکەینو تێی بگەین ئەوە سەبەب نزولی ئایەتەکەمان بۆ دەردەکەوێت وەبەهەمان شێوە سەبەب نزولی فەرموودەمان هەیە کەوامان لێ دەکات لەفەرموودەکە تێ بگەین ئەم فەرموودەیە کە ئیمامی (مسلم) ڕەحمەتی خوای لێبێت بۆمانی ڕیوایەت دەکات کە الْمُنْذِرِ بْنِ جَرِيرٍ ﷺ دەیگێڕێتەوە لە باوکیەوە دەفەرمووێت پیاوانێکی فەقیر هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە زۆر فەقیر بوون پێغەمبەری خوا ﷺ هانی موسڵمانان و سەحابەکانی دا کە خێریان پێ بکەن، یەکێك لە سەحابە هەستاو فەرمووی من ئەوەندە شتم هەیە دەتوانم بیکەم بەخێرو بیاندەمێ لە مەجلیسەکەدا کەس نەما هەموو چاویان لەو سەحابەیە کرد کە یەکەم جار هەستا خێری پێ کردن، هەموو نەفەرەکانی مەجلیسەکە هەستان شوێنی ئەو کەوتن هەریەکەی شتێکی پێدان کەم یاخود زۆر پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەوەی بینی هەموو سەحابەکان سەیری ئەویان کرد کە گوێڕایەڵی کردنی فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی لەسەرەتا هانی سەحابەکانی دا کەخێریان پێبکەن بەڵام یەکەم کەس کێ جێ بەجێی کرد ئەوانی تر لەدوای ئەو کردیان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ( **هەرکەسێك لە ئیسلامدا ڕێگایەکی چاك دابهێنێت ئەوە ئەجرو پاداشتی خۆیی و ئەوانەیش کەکاری پێ دەکەن دەگات بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوان کەم بکات، هەرکەسێکیش لە ئیسلامدا ڕێگایەکی خراپ نیشانی خەڵك بدات ئەوە گوناهی دەگاتێ وەگوناهی هەموو ئەو کەسانەشی بۆ دەنوسرێ شوێنی ئەو دەکەون بەبێ ئەوەی لە گوناهی ئەوان کەم بکات)**.

کەواتە لێرەدا سەیری سیاقی فەرموودە دەکەین چونکە سیاقی فەرموودە فەرموودەکەمان تێ دەگەیەنێت لەڕووی واتاوە لەپاشاندا(سوننەتێك دابهێنێت) واتای ئەوە نی یە هەرکەسێك شتێك لەدیندا دابهێنێت کەبەڵگەی لەسەر نەبێت ئەوەی کە ئەو سەحابەیە کردی هەستا خێری کرد بە فەقیرەکان لە خۆیەوە دای نەهێنا پێغەمبەری

---

(٤) صحيح: رواه مسلم (٢٣٩٨)، وابن ماجه في سننه بلفظ(مَنْ سَنَّ سُنَّةً حَسَنَةً) (١٩٩).

www.ba8.org

خواﷺ هانی دان بە خێرکردن پاشان کردیان با بگەڕێینەوە بۆ فەرمووودەکە لە صەحیحی(مسلم) الْمُنْذِرِ بْنِ جَرِيرٍ رضي الله عنه لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوەو دەفەرموویێت پێغەمبەری خواﷺ هانی سەحابەکانی دا خێر بکەن بەو پیاوە فەقیرانە کەواتە ئەو سەحابەیە چی کرد ڕێگایەکی خێری بۆ خەڵك دانا بەڵام ئایە ئەو ڕێگا خێرە لەئیسلامدا نەبوو؟ یان لەئیسلامدا هەبوو؟ وەپێغەمبەری خواﷺ ئەو سەحابەیەش جێ بەجێی کرد یەکێکیان فێری کرد وەکردەوەی پێکرد ئەو سەحابانەش وانەبێ شتێکیان داهێنابێت کەنە پێغەمبەری خواﷺ فەرمانی پێیان کرد بێت وەنەقورئان فەرمانی کردووە وەنەهیچ سەحابەیەك، ئێمە دەڵێین خوای گەورە فەرمانی پێمان کردووە خێر بەفەقیرو هەژاران بکەین وە پێغەمبەری خواﷺ هانی سەحابەکانی داوە بەخێرکردن وەفەرموودەی تری هێناوە پێغەمبەری خواﷺ پێمان دەفەرموویێت:(**هەرکەسێك سوننەتێك لەسوننەتەکانی من زیندوو بکاتەوە خەڵکیش شوێنی بکەوێت ئەو سوننەتەش ئیش پێ بکەن ئەوە ئەجری بۆ دەنوسرێت لەبەرامبەری دا دەفەرموویێت هەرکەسێك بیدعەیەك دابهێنێت نیشانی خەڵکی بدات ئەوە گوناهی دەگاتێ وەگوناهی هەموو ئەو کەسانەشی بۆ دەنوسرێت کەشوێنی دەکەون**). نەك هەرکەسێك شتێك لەدیندا دابهێنێت بڵێن ئەوە سوننەتی حەسەنەیە کەواتە ئەوە نییە بڵێین کەخێرکردن لەدینی ئیسلامدا نییە بەڵکو ئەسڵو ڕاستی ئەوەیە کەخێرکردن لەدینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیە وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت لەفەرموودەیەکدا کە ئیمامی مسلم ریوایەتی کردووە {لەپێشتر نووسراوە}کەواتە ئەو کردەوەیەی سەحابە کردی لە دونیادا هەیە کردەوەی پێدەکات، ئەمما ئاهەنگ گێران بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەرﷺ نە پێغەمبەرﷺ نە بە قەول فەرموویەتی نە سەحابەکانیش فەرموویانە رضي الله عنهم نە هانی کەسێکیانیش داوە کە بیکات کردەوەی پێ بکات وەنەکردنی و وازهێنای سەحابەو پێغەمبەرﷺ لەو ئاهەنگ گێرانە ئەو وازهێنانە خۆی لەخۆیدا سوننەتێکە پێویستە دەستی پێوە بگرین، وە ئەوە سوننەتێکی تەرکیە دەکرێتە پێش هەموو قیاسێکی تر، بۆ نموونە دێین نوێژی جەژن قیاس دەکەینە سەر نوێژی جومعە نوێژی جەژن دوو ڕکاتە جومعە دوو ڕکاتە وە نوێژی جەژن خوتبەی لەگەڵە نوێژی جومعە خوتبەی لەگەڵە چۆن بانگ دەدەین بۆ نوێژی جومعە بانگیش بدەین بۆ نوێژی جەژن نەخێر ئەو قیاسە نابێت و بە سوننەتێکی تەرکی دەژمێردرێت، ئەو ئەمانەی نەکردووە کەواتە ئێمەش نایکەین بەقیاس لە(مقابل_بەرامبەر) سوننەتی تەرکی دەکرێتە سەر هەموو (ئیستحسانێك) بڵێن وەڵاهی ئەو مەولودەش شتی چاکی تێدایە کەواتە لەدیندا چاکە ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموویێت:(هەرکەسێك لەخۆیەوە بڵێت ئەو شتە چاکە لە دیندا ئەوە شەریعەتی داناوە) کەواتە سوننەتی تەرکی دەکرێتە پێش عەقڵی، بۆ نمونە وام پێ چاکە، وام پێ باشە وەکو ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی.

**پرسیاری نۆیەم:**

**لە فەرموودەیەکی قودسیدا خوای گەورە دفەرموویت:( ئەی بەنی ئادەم تۆ بەهیچ شتێك لێم نزیك نابیتەوە وەکو فەرزەکان وەبەردەوام بەندەی خۆم لێم نزیك دەبێتەوە بە سوننەتەکان ) ئایە بەندەی خوا بە بیدعە لەخوای گەورە نزیك دەبێتەوە یاخود تاوان بارە؟**

**وەلام:** ئەگەر کەسێك بیەوێت بە بیدعەو تاوان لەخوای گەورە نزیك ببێتەوە بێ گومان لە خوا نزیك نابێتەوە وەکو (سلف– پێشین) فەرموویانە: (هەرچەندە کەسی موبتەدیع لەبیدعەکەیدا ڕۆبچێت و ئاهەنگ گێڕانەکەی بەهۆی مەولودی نەبەوییەوەﷺ پارەی زۆر سەرف بکات و خۆی ماندوو بکات ئەوە زیادەڕەوی دەکات لە خوای گەورە دوور دەکەوێتەوە بۆیە خەوارجەکان عیبادەتیان چۆن بوو؟

پێغەمبەری خواﷺ دەفەموویت:(خەواریجەکان ئەوەندە زیادەڕەوییان لە عیبادەتدا کردبوو لە خواپەرستیدا، کە بیدعە بوو چونکە بیدعەکەیان هەبوو ئایە لە خوای گەورە دوور کەوتنەوە یان لەخوای گەورە نزیك بوونەوە؟ بێ گومان لە خوای گەورە دوورکەوتنەوە چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی لە دین دەرچوون و دوورکەوتنەوە کەواتە بیدعەچی هەتاوەکو پەیوەست بێت بەبیدعەوە وەساحێبی بیدعە بێت ئەوە زیاتر لەخوای پەروەردگار دوور دەکەوێتەوە.

**پرسیاری دەیەم:**

**ماموستا گیان شتێکی تر دەکەن بە بەڵگە لە دروستێتی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری خواﷺ گوایە لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموویت: ( هەرشتێك موسڵمانان بە باشی بزانن ئەوە لای خوای پەروەردگار باشە، وەهەرشتێك کە بەخرا پی بزانن ئەوە لای خوای پەروەردگار خرا پە ) ئایە ئەم شوبهەیە دەبێت بە بەڵگە لەسەر دروستێتی مەولود؟**

**وەلام:** بێ گومان ئەم قەولە کە ئەوان دەیکەن بە فەرموودەی پێغەمبەرﷺ بەهیچ شێوەیەك فەرموودەی پێغەمبەرﷺ نییە بەڵکو قەولی(عبدالله)ی کوڕی مەسعودە رضي الله عنه بەلام بەداخەوە ئەو کەسانەی خەڵك چەواشە ئەکەن وەکو لەشوبهەی یەکەمدا ئاماژەمان پێ کرد ئەو کەسانەی کە بانگێشتی خەڵك دەکەن بۆ دروستێتی مەولود عالمی بەرز نین بەلام ( وتار بێژن و تەنها چیرۆك بۆ خەڵك باس دەکەن نازانن حەدیسی صەحیح و حەدیسی ضعیف و موضوع و مرفوع چی یە) بۆیە، لەحەج بووین کۆبوونەوە کرا لەگەڵ مورشیدەکان وەمنیش یەکێك بووم لە مورشیدەکان لەگەڵ کۆمەڵێك مورشیدە دینییەکان هەموو مەلاکان ئەوانەی مورشیدی دینی بووین دانیشتبووین باسی ئەوە کرا کە باحەیوان سەرببڕدرێت پێش ڕۆژی جەژن کە حەیوان سەربڕینی حاجی دەبێت ڕۆژی نەحر بێت وەسێ ڕۆژەکەی دواتریش بابچین بۆ عەرەفە پێش رۆژی نۆ ٩ چەند شتێك لەموخالەفەی سوننەت باسکرا یەکێك لەمەلاکان ووتی وەلا ئەوە شتێکی چاکە کەواتە با ئێمە پێمان باش بێت وەکو پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی:(هەرشتێك موسڵمانان پێیان چاك بێت ئەوە لای خوای گەورە چاکە) منیش لەتەنیشتی

دانیشتبووم ووتم ماموّستای بەرِێز ئەمە قەولی پێغەمبەری خواﷺ نی یە ووتی نەخێر قـەولی پێغەمبـەرەﷺ ووتم ماموّستای بـەرِێز ئەمـە قـەولی(عبـدالله کـورِی مەسـعودە رضي الله عنه ) حەدیسی پێغەمبـەر نـی یـە ﷺ پاشـان ووشـەی (موسڵمانان پێیان چاك بێت لای خوای پەروەردگار چاکە) ئەو کۆمەڵە مەلایە ناگرێتەوە کە تـەنها ئـەوەی ئـەوان پێیان چاك بێت ووتی نا تەنها حەدیسە چی لەگەڵ دەکەیت، بە عیلم نایکات تەنها قسەی خۆی فەرز دەکات هـەر ووتی فەرموودەی پێغەمبـەرە ﷺ ووتم ئـەدی باشـە بـۆم بهێنـە لەچـی کتابێکدایـە لـە کام کتێبـی فـەرموودەی صەحیحدا هاتووە بۆم دەربهێنە کە سەحیحە بەقەولی کێ یە؟ کە بێگومـان قـەولی عبداللـە کـورِی مەسـعودە رضي الله عنه کەسەحابەیە وەدەفەرموویّت: (خوای گەورە سەیری دڵـەکانی کـرد بینـی دڵـی پێغەمبـەرﷺ لـە هـەموو دڵـەکان پاکترو چاکترە بۆیە هەڵی بژارد بۆ ئەوەی ببێت بە پێغەمبەرﷺ، خوای گەورە سەیری دڵی بەندەکانی کرد بینی دڵی سەحابەکان لەدڵی هەموو کەس باشترو چاکترە خوای گەورە هەڵی بژاردن ئەوانی بەپشتیوانی پێغەمبـەرﷺ وەکردنی بەسەحابە دوای پێغەمبەرﷺ کەوتن و وەپارێزگارییان لێ کردووە وەقەولی عبـدالله کـورِی مەسـعودرضي الله عنه فەرمووی:(هەرشتێك موسڵمانان بەچاکی بزانن ئەوە لای خوای پەروەردگار باشە وەهەر شتێك کە بە خراپی بزانن ئەوە لای خوای گەورە خراپە) کەووشـەی (موسـڵمانان پێیـان باشـە) کـە ئەمـە یـەك باسـە لەسـەرەتاوە تـائێرە (ئەوەی موسڵمانان پێیان باشە)مەبەستی پێی کێ؟

زانایانی عەرەبی دەفەرموون:(الف– لام) عهدی یە واتە لەپێشتر باسی کوێی کرد ئەوەی کە سەحابە پێیان چاك بێت ئەوە لای خوای گەورە چاکە وەئەوەی کە موسـڵمانان پێیـان خراپـە ئـەوە لای خـوای گـەورە خراپـە ئـەوە ئیمامی ئەحمەدە (رحمه الله) تا ئێرە ریوایەتی کـردووە وەئیمـامی حـاکم (رحمـــه الله) زیادەیـەکی بـۆ ریوایەتەکـە کردووە دەفەرموویّت موسڵمانان واتـە کـێ بـەرِێزترینی موسـڵمانانە کـە صـەحابە أبوبکریـانرضي الله عنه دانا بەخەلیفـە ئەمەیان پێ چاك بوو واتە لای خوای گەورە چاکە کێ یە کەبوون بەخەلیفەی أبوبکررضي الله عنه پێ چاك بـوو مەبەسـتی صەحابەیە کەواتە {وەلامی یەکەم نوسیمان فەرموودەی پێغەمبەری خوا نی یەﷺ .

وەلامی دووەم: (ماراه المسلمون) مەبەست پێی لە هەموو کەس نی یە مەبەست پێی صەحابەیە رضي الله عنه چـونکە (ألـف ولام) (عهدی) وەلامی سێیەم ئەگـەر (ماراه المسلمون)عـامێش بێـت و بەگـشتی وەری بگـرین مەبەسـت بـە هـەموو موسڵمان بێت کێ دەگرێتەوە کەلەدەرەجەیەك کێ یە؟

عولەما دەگرێتەوە ئەگەر ئیجماعی(عولەما_زانایان) شتێکیان پێ باش بوو ئەوە لای خوای گەورە باشە بەلام نەك (ئیجماعی عەوام) نەك (کۆمەڵێکی گشتی) خەڵکی نەفام و نەزان پێیان باش بێت بـە ئیجمـاعی عولـەما دابنرێت، (مقلد) عالم نییە هەر مەلایەك (مقلد) بێت تەقلیدی مەزهەبێك بکات ئەوا بە ئیجمـاعی عولـەما پێـی ناوترێت عـالم چونکە(مقلد)عالم نییە کەواتە کۆمەڵێك (مقلد)بدعەیەك بەسوننەت بزانن خەڵکی نەخوێندەوار و گشتی تەقلیـدیان بکاتەوە شوێنی(مقلدکان) بکەوێت تەقلید لەدوای تەقلید ئەوە بـەوە ناوترێت ئیجمـاعی موسـڵمانان نـەك لەسـەر

ئەوەش چەندەها عالم کەئەم ئاهەنگ گێڕانە بە بیدعە دەزانێت کەواتە ئیجماعی موسڵمانان لەسەر ئەوە نی یە کەدروستە و سوننەتە چونکە ئەو هەموو کتابە نووسراوە لەدژی ئەوە لە لایان عالمەکانەوە بە بەڵگە لەسەر کەئیجماع نی یە کەواتە ئەوە بەڵگە نییە بەدەستیانەوە بەڵکو بەڵگەیە لەسەریان چۆن بەڵگەیە لەسەریان؟

ئەوەیە کە سەحابە رضي الله عنهم بە باشی بزانن ئەوە لای خوا باشە ئایە سەحابە ڕەزای خوایان لێ بێت ئاهەنگ گێڕان و مەولودیان بەباش زانی کردیان نەخێر نەیان کرد کەواتە لای ئەوان باش نەبووە کەواتە لای خوای گەورە باش نی یە . والله أعلم

**پرسیاری یانزەهەم: کۆتا پرسیارمان ئەوەیە کە ئەو کەسانەی دەڵێن یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دروستە یەکێك لە شوبهەکانیان ئەوەیە دەڵێن ئێمە بەهۆی ئەو ڕۆژەوە یان ئەو مانگەوە ئاهەنگ دەگێڕین خەڵکی بانگ دەکەین بۆ دینی ئیسلام ئەوەش کارێکی خێرەو جائیزە و دروستە بۆچی ئێوە دەڵێن دروست نی یە؟**

**وەڵام:** دیارە ئەم شوبهەیە جیاواز بوو لەو شوبهانەی پێشوو شوبهەکانی پێشوو شوبهەی خورافی بوو بەڵام ئەم شوبهەیە شوبهەیەکی سیاسی یە چۆن؟

بیدعەیەك بکرێت بە وەسیلە بۆ بانگەوازی کردن بۆلای خوای گەورە بێ گومان هەر وەکو چۆن مەقسەدەکە شەرعییە پێویستە ئەو وەسیلەیەی کەپێی دەگەیت بەمەبەستەکە پێویستە ئەویش شەرعی بێت بۆیە کە وەسیلە ناشەرعی بوو تۆ ناتوانیت بیگەیەنیتە دەست بۆ مەقسەدەیەکی شەرعی وەدەبێت وەسیلەکەت شەرعی بێت ئەم وەسیلەیە ئەگەر ناشەرعی بێت ئەگەر بیدعەش بێت بیگەیەنێتە دەست کەخەڵك بانگ بکەین بۆ لای خوا ئەمە لەگەڵ (مەنهەجی ئیسلام) ناگونجێت و نایەتەوە یەك بەڵکو لەگەڵ (مەنهەجی یەهودی) دێتەوە کە ئاوایان کرد کەگرنگ ئایەتەکەیە دەیکەن بەوەسیلە هەرچی بێت حەڵاڵی دەکات ئێمە ئەم هەموو بەڵگەیەی نووسیمان و باسمان کرد کە مەولود بیدعەیەو گومراییە، خەڵك بەوە نزیك نابێتەوە خەڵکی بەوە لەخوا دوور دەکەوێتەوە دوای ئەم هەموو ڕونکردنەوەیە بڵێیت قەیناکە بەس مەبەستمان ئەوەیە لەم ڕۆژەدا خەڵك کۆ دەکەینەوە دەتوانین بانگیان بکەین بۆدینی پیرۆزی ئیسلام دەڵێین وەسیلەکان بێ شەرعی یە بەمە خەڵك لەخوا نزیك نابێتەوە بەڵکو مەبەستی سەرەکی بتانەوێت و نەتانەوێت ئەوەیە خەڵك بۆلای خۆتان بانگ بکەن نەك بۆلای خوا بانگیان بکەن، چونکە بەمە وای دەردەبڕن کە پێغەمبەری خواتانﷺ زۆر خۆش دەوێت کە خۆشەویستی ڕاستەقینە وەکو ڕوونمان کردەوە ئەمە نی یە بەم شێوەیە بەڵکو بەو جۆرەیە کەشوێنی بکەویت وەوا بۆ خەڵکی دەردەبڕن کەئێوە پێغەمبەرﷺ بە گەورە دەزانن بەمە سەرەنجی خەڵك بۆلای خۆتان ڕادەکێشن کەخەڵك بەدەورتان بێت و لەگەڵتان بێت کەواتە ئەو کەسەی ئەوە دەکات خەڵك بۆلای خۆی بانگ دەکات نەك بۆلای خوا خەڵك بۆلای خۆی ڕادەکێشێت نەك بۆلای سوننەتەکەی پێغەمبەرﷺ چونکە خەڵك بۆ لای خوابانگ کردن ئەوەیە کە تۆ خەڵك بۆلای تەوحید و سوننەت بانگ بکەیت بەڵام بیدعەت فێر خەڵك کرد کەواتە خەڵکت بۆ لای خوای گەورە بانگ نەکرد خەڵکت لەخوای گەورە دوورخستەوە بەڵام خەڵکت نزیك کردەوە لەخۆت کەواتە بەڕاشکاوی قسە بکەن بڵێن ئێمە ئیشمان بەو مەوسیمە هەیە ئیشمان بەم مەولودە هەیە بەهۆیەوە دەتوانین خەڵك بۆلای خۆمان ڕابکێشین ئەو

کاتە دەڵێین ڕاست دەکەن بۆیە نابێت ئینسان وەسیلەیەك بەکاربهێنێت بۆ دینی خواو بانگەوازی خوا بکات کە(سەلەفی صالح) بەکاریان نەهێنا بێت وەکەشەرعی نەبێت بەلاَم زۆر بەداخەوە زۆرجار دەبینین خەلَك چەواشە دەکرێت جائایە ئەو کەسەی کەخۆی خاوەنی ئەم چەواشە کردنەیە خۆیشی ناحاڵی و تێ نەگەیشتووە دەیەوێت سەر لە خەلَك بشێوێنێت ئەگەر وەسیلەیەك لە ئەسلْدا دروست بێت وەکو پێنوسێك لە ئەسلْدا دروستە ئەگەر شتی چاکی پێ بنوسرێت خێرت دەگات بەلاَم ئەگەر شتی کوفرو گوناهی پێ بنوسرێت شەڕت دەگات، کەواتە دەڵێین بە گوێرەی بەکار هێنانی، دەڵێین شتێك لە ئەسلْدا حەرام بوو ناکرێت بلێین بەگوێرەی بە کارهێنان بۆ نمونە مۆسیقا لە ئەسلْدا خۆی حەرامە حەدیسی سەحیحی بوخاری لەسەرە کەزۆربەی زانیان و عولەمای ئوممەتی ئیسلامی بەحەرامی دەزانن وەلەسەردەمی پێغەمبەری خواﷺ مۆسیقا لێ نەدراوە پێغەمبەری خواﷺ مۆسیقای بۆ بانگەوازی لێ نەداوە واتە نەبووە بەلْکو سەحابە (ڕەزای خوایان لێ بێت) پەنجەیان دەکرد بەگوێی خۆیانەوە ئەگەر بییان بیستایە وە(لهو الحديث) لە قورئانی پیرۆزدا بە مۆسیقا تەفسیر کراوە کە حەرامە سەحابە ﷺ تەفسیریان کردووە لەگەلْ ئەوەشدا بلێین مۆسیقا بۆ دەعوەی ئیسلامی حەلاَلە واجبەو موستەحەببە بەلاَم ئەگەر بۆ بێ شەرعی بەکاری بهێنین حەرامە ئەمەیان خۆی چەواشە بووەو خەلَك چەواشە دەکات، چونکە مۆسیقا خۆی لە ئەسلْدا حرام بێت دەبێت بلێین ئەو کەسەی کە وا دەلێت کەواتە برۆ زینا بکە ئەگەر گەنجێکی ڕیشدار زینا بکات حەلاَلە بەلاَم ئەگەر کەسێکی بێ ڕیش و نائیسلامی بیکات حەرامە بۆ ئەو، پەنا بەخوا نابێت لە ئەسلْدا حەرام بوو ناتوانین ئێمە بلێین، ئەگەر مەبەستمان پێی چاك بێت قەیناکە کەواتە ئەم شوبهە سیاسییە زۆر لەو شوبهە خورافییەکان بێ بنەماترە وە داواکارم خەلَك چەواشە نەکرێت وە ئەگەر مەبەستیان بانگ کردنی خەلَك بێت بۆ لای خوا دەبێت شوێن سوننەت بکەون و دژایەتی بیدعەی بکەن و خەلَك بۆ لای خواو تەوحید بانگ بکرێت خەلَك وریا بکرێتەوە لەشیرك و بیدعە نەك ئێمە خۆشمان لەگەلْ ئەوان بچینە ناو فیتنەکەوە بلێین وەلاَ خەلَك بۆ لای خوا بانگ دەکەین، بۆلای چی بانگی دەکەیت خەلَك بکەیتە ناو بیدعەوە چ شتێك لەوە شەڕترە کەتۆ بانگت کردن بۆ ناو شەڕەکە، وەکو ئەوەیە تۆکەسێك ڕابکێشیت خۆی لەوەیە بکەوێتە ناو جۆگەیەکی بچوکەوە تاوەکو قاچی تەڕ بێت بەلاَم تۆ بلێیت بۆ ئەوەی تووشی ئەم جۆگە بچوکە نەبیت بتخەمە ناو بەحرێکەوە،غەرق بێت بۆئەوەی تووشی جۆگە بچوکەکە نەبێت بەلاَم ئەوەی تۆ کردت خراپ تربوو کەئەو خەلْکەت بانگ کرد بۆ ناو بیدعەیەك بۆت سەلماندن بە(فعلی_کردەوەی)خۆت بە بۆچونی خۆت و ڕاگەیاندنی خۆت کەئەمە کارێکی چاکە خستنە ناو جۆگەی فیتنەو بیدعەوە کەواتە بۆلای چی دینێك چۆن بۆلای خوا بانگت کردن؟

کەواتە شوبهەیەکی بێ بنەمایە براکەم بەلاَم ناوی لێ بنێن شوبهەی سیاسی جیاوازە لەشوبهە خورافییەکان خوای گەورە هیدایەتی هەموو لایەك بدات. آمين.آمين.آمين.أجمعين.....................

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله وسلم على محمد وعلى اله وصحبه وسلم.

مالپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

www.ba8.org